بەیعەتم پێبدەن لەسەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك هاوبەش بۆ اللە بڕیار نەدەن، ودزی نەکەن، وزینا نەکەن

لە عوبادەی کوڕی سامتەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، لەوانە بوو کە بەشداری جەنگی بەدریان کرد، وبەکێك بوو لەو سەرکردانەی هەڵبژێردران بۆ نوێنەرایەتی هۆزەکەیان لە شەوی عەقەبەدا؛ دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کاتێك کۆمەڵێك لە هاوەڵانی لە دەوروپشتی بوون فەرمووی: «بەیعەتم پێبدەن لەسەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك هاوبەش بۆ اللە بڕیار نەدەن، ودزی نەکەن، وزینا نەکەن، ومندااڵەکانتان نەکوژن، وبوهتان نەکەن (بە هەموو جۆرەکانی) لە نێوان دەست وپێی خۆتاندا، ولە چاکەدا سەرپێچی نەکەن، هەرکەسێك ئەمانە جێبەجێ بکات ئەوا پاداشتی لە لای اللە یە، وهەرکەسێك تووشی شتێك لەمانە بوو ولە دونیادا سزا درا ئەوا ئەمە کەفارەتە بۆی، وهەرکەسێك تووشی شتێك لەمانە بوو پاشان خوای گەورە پۆشی ئەوا (بڕیاردان لەسەری) لە لای اللە یە، ئەگەر بیەوێت لێی خۆش دەبێت وئەگەر بیەوێت سزای دەدات»، ئێمەیش بەیعەتمان پێدا لەسەر ئەم شتانە.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

عوبادەی کوڕی سامت -ڕەزای خوای لێبێت- لەوانە بوو کە بەشداری جەنگی بەدری گەورەیان کرد، وبەکێك بوو لە گەورەکانی هۆزەکەی کە دەستپێشخەریان کرد بۆ بەیعەتدان بۆ سەرخستنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە شەوی عەقەبە لە مینا -کاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مەککە بوو پێش کۆچکردنی بەرەو مەدینە-، عوبادە دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کاتێك لە نێو کۆمەڵێك لە هاوەڵانی دانیشتبوو داوای لێکردن پەیمانی پێبدەن لەسەر هەندیك شت: یەکەم: بە هیچ شێوەیەك هاوبەش بۆ اللە بڕیار نەدەن لە پەرستنیدا؛ ئەگەرچیش کەم بێت. دووەم: دزی نەکەن. سێیەم: داوێن پیسی -زینا- نەکەن. چوارەم: مندااڵەکانیان نەکوژن؛ مندااڵە کوڕەکانیان نەکوژن لە ترسی هەژاری، ومندااڵە کچەکانیان نەکوژن لە ترسی شەرمەزاری. پێنجەم: بوهتان نەکەن ودرۆ هەڵنەواسن لە پێش دەست وپێیاندا؛ ناوی ئەم دوو ئەندامە هێنراوە چونکە زۆربەی کردەوە ناشیرینەکان بەم ئەندامانە دەکرێت ئەگەرچی ئەندامەکانی تریش بەشدارن. شەشەم: لە چاکەدا سەرپێچی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەکەن. هەرکەسێك پەیمانی دا وپابەندی ئەمانە بوو ئەوا پاداشتی لە لای اللە یە، وهەرکەسێك تووشی شتێك لەمانە بوو -جگە لە شیرك- ولە دونیادا سزا درا؛ ئەمیش بە جێبەجێکردنی سزای شەرعی لەسەری ئەوا ئەمە کەفارەتە بۆی، وگوناهەکەی لەسەر لاچووە، وهەرکەسێك تووشی شتێك لەمانە بوو پاشان خوای گەورە پۆشی ئەوا بڕیاردان لەسەری لە لای اللە یە، ئەگەر بیەوێت لێی خۆش دەبێت وئەگەر بیەوێت سزای دەدات، هەموو ئامادەبووان لەسەر ئەم خاڵانە پەیمانیان پێدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66210